www.kurdistannet.org
25/06/2003 01:11

# سکاڵا لەدەست تۆ ئەی سەددامی نەعلەتی

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

-١-

من چۆن بتوانم ؛لە سای درەختی ڕابردووی عومرا
بە ڕاشکاوی، بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە. . . . . . !!!!

+ پیاوانی گەورە . .
ئەی داری کۆتەڵ مل کەچ و بێفەڕ
بیەڵێن بەددەم شنەی ئازاری یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە
ڕێدەن ئەی ناپیاو، ئەی ناپیاوی زڕ !!

<< من چۆن بتوانم،
دڵنیا لەژێر تیشکی هەتاوی سبەینێی خەونا
. . . . . بۆ تاوێ بمرم، بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە. . !! >>

داری زڕ ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛
* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمرۆم پەژمووردە
*سبەینێش، سەختە

****

ئەی پیاوی کۆتەڵ !
ئا ئەم دیوارەی ناوتان لێناوە سوونەتی ژیان. .
چیای بیابانە و، قەڵای نێو ئاوە
+کێ بوو لە ئێوە، کامتان لە پێشا، واپیا هەڵزنا !؟
ئێستا لە جەرگەی کەنداوی مەرگا قیت ڕاوەستاوە. . . . . . . !!!!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
25/06/2003 01:11

پیاوی نەعلەتیی، پالەوانی کەچ، لەسای ئێوەوە. .
لە ڕۆژەلاتی پەترۆڵدا ئەمڕۆ ؛
مرۆ ئاژەلە و، ئاژەڵیش مرۆ. .
ئاژەڵی سبەی ؛
ژەمی ڕۆژانەی کۆکتێلی نەوتە
ئینسانی سبەی ؛بەردی چەور ئەجوێ و
. . . هەمیشە خولیای سەحرا و ئەشکەوتە. . !!

–٢–

* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمڕۆم پەژمووردە
* سبەینێش، سەختە

–٣–

دوێنێ پاڵم نا بە ساڵانەوە،
ساڵیش تەمەنی کەدەر و شوومی بۆ نووسیمەوە. .
ئەمڕۆ یاخیم لە وەیشوومەی دوێنێ
کانی جۆگەلە و، دەریای ڕووباری یادگارییەکانم
تینوویێتی ئەمڕۆم هەرگیز ناشکێنێ. . . . . . . !!!!

+ ئەمڕۆکە خەونت پێوە ئەبینم
ئەی < سبەینێ > ی خەم. .
هێی < سبەینێ > کەی چیای سەخت و تەم !!
ئەمڕۆ یاخیم لە هیواکانی خۆم. .
لە سبەینێی تۆ. .
چونکە ئەزانم لەوەیە سبەی ؛
پاشگەز ببمەوە و بمرم بۆ ئەمڕۆ !!!

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
25/06/2003 01:11

* دوێنێم حەسرەتە

* ئەمڕۆم پەژموورده

* سبەینێش، سەختە !!

پیاوی زۆر گەورە !! ئەی گورنەتەڵە !!

من چۆن بتوانم، لە سای درەختی ڕابردووی عومرا

بە ڕاشکاوی، بێ ترس و پەروا . .

بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە

ڕێدەن، بیەڵن بەدەم شنەی ئازاری

. . . . . یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە !

ڕێدەن، ئەی پیاوان

ئەی پیاوانی زڕ . . . نەوەی سۆزانیی

داری زڕ ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛

* دوێنێم حەسرەتە

* ئەمڕۆم پەژموورده

*سبەینێش سەختە !!!!

کوردستان نێت www.kurdistannet.org